# دیداری هەولێر - نەجەف؛ بینینی وێنە راستەقینەکان

17-12-2019


**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو


**کورتە** : لە گفتوگۆی عێراق لەژێر ناونیشانی دیداری هەولێر ـ نەجەف بەڕێوەچووو، ژمارەیەک لە کەسایەتی ئایینی و ئەکادیمی و رۆژنامەوانی کەسایەتی روناکبیر و سیاسی و ئەکادیمی و پەرلەمانتاری کورد تێیدا بەشداربوون. تەواوی قسە، گفتوگۆ و شرۆڤە و لێکدانەوەکانی میوانانی نەجەف لەژێر کاریگەری هاڵاوی گەرمی خۆپیشاندانەکانی ئێستای بەغداد و ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقدابوو

**مەولوود باوە موراد**

لە گفتوگۆی عێراق لەژێر ناونیشانی دیداری هەولێر ـ نەجەف بەڕێوەچوو، ژمارەیەک لە کەسایەتی ئایینی و ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانی کەسایەتی روناکبیر و سیاسی و ئەکادیمی و پەرلەمانتاری کورد تێیدا بەشداربوون. تەواوی قسە، گفتوگۆ و شرۆڤە و لێکدانەوەکانی میوانانی نەجەف لەژێر کاریگەری هاڵاوی گەرمی خۆپیشاندانەکانی ئێستای بەغداد و ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقدابوو، تاوەکو ئەو رادەیەی کە زۆرێک لە مێزەربەسەر و ئەکادیمییەکان بە هەناسەی نوێنەرایەتی گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکان بۆچوون و راکانیان دەخستەڕوو، بەجۆرێک چەند کەس و چەند جار ئەم رستانەیان دووبارە دەکردەوە کە "عێراقی پاش خۆپیشاندانەکان عێراقێکی نوێیە، عێراقی پاش پرۆسەی سیاسی شکستخواردووی 2003 یە، دەبێت ئەم چینە سیاسیە گەندەڵ و فاشیلەی بڕۆن، دەبێت کورد هاوکاری و پشتیوانی خۆپیشاندەران بکات ئێمە نوێنەرایەتی ئەحزابی سیاسیی شیعی ناکەین، مەرجەعیەتی شیعی و بەتایبەت ئایەتوڵڵا سیستانی دەستوەرناداتە سیاسەت و کاری سیاسی، بەڵکو لەگەڵ خەڵک و جەماوەر و رێنمایی و نەسیحەت پێشکەشدەکات بۆ لایەنی دەسەڵات و بەرگری لە مافی خەڵک دەکات، پێویستە دیاردەی بەشبەشێنەی سیاسی و تایفی کۆتایی بێت، عێراقی نوێی لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوونی یەکسان وەک یەک دامبەزرێتەوە و دوور لە دەستێوەردانی ئەحزابی سیاسیی شیعی، مەزهەبی و تاریخی...

ئەوەی بەندە بە پەرۆشەوە چاوەڕێم دەکرد گوێ بیستی بم، توێکاری قسەکردن و بنکۆڵکردنبوو لەسەر پێکهاتە و ئاراستە و هێز و لایەنی ئاڕاستەگەری ئەم خۆپیشاندانانە، چونکە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەبیستراوە و نەزانراوە خۆپیشاندانی عەفەوی جەماوەریی بەو کاریگەریی و فراوانییەی ئەوانی گەیاندبووە یەقینی ئەوەی کە خۆپیشاندانەکان خاڵی لێکترازانی دوو سەردەمی مێژووی سیاسی عێراقە، وەها خۆپیشاندانێک چۆن دەتوانێت بکاتە خیاری عەقڵانی و بونیادنەری ئیجابی لە پرسێکی گەورە و هەستیاری پەیوەست بە سیستەمی سیاسی حوکمڕانی عێراق بەوپێکهاتە جیاوازانەوە؟

چی وایکرد ئەم خۆپیشاندانانە لە داوای خزمەتگوزاری ئاو، کارەبا و ڕێگەوبان و بێکاری و دژایەتی گەندەڵییەوە داخوازییەکانیان وا بەخێرای بگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک داخوازی سیاسی کە گوایە قابیلی سازش و گفتوگۆنین (گۆڕینی دەستوری هەمیشەیی، رەتکردنەوەی هەموو دامەزراوە و دەزگا باڵاکانی حکومەت و پەرلەمان و کۆمیسیۆن، دژایەتی و نەهێشتنی هەموو حیزبەکان، کۆتاییهێنان بەزاراوەی پێکهاتە عێراقیەکان و هتد..

ئایا دەشێت قەناعەت بە خۆمان بکەین کاتێک ئەوان دان بەوەدادەنێن کە خۆپیشاندەران گەنجانی تەمەن 18 بۆ 25 ساڵن و ئاگایان لە هیچی رابردووی سیاسی و پرۆسەی سیاسی عێراق نییە، ئەم تێگەیشتن و رۆشنبیری و هۆشیارییە سیاسییە چۆن و لە کوێوە بووە بە رووحی بزوێنەر و گوتاری سەرتاسەری خۆپیشاندەران.

ئەمە فزولیەتی سیاسی گەڕان بەدوای هێز و لایەن و گرووپی ئاراستەگەری خۆپیشاندانەکاندا نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای ئەو بەدیلە سیاسیەی کە جێگرەوەی رەفزکردنی کۆی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی ئێستای عێراقە.

هەندێ لە موداخەلەکان بەڕوونی ئاماژەیان بەوە دەکرد کە کورد لە پاش گۆڕانی 2003 شەریکی ئەم دەسەڵاتەیە، وەک بڵێی شەریکی تاوان و گەندەڵیە سیاسییەکانیەتی و دەبێت سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی خۆی بە قبووڵکردن و پشتیوانی لە خۆپیشاندەران رێکخاتەوە، بەڵام پرسیارەکەی پێشوو لێرەدا زەقتر دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ کێ و کام ئەڵتەرناتیڤی سیاسی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق چی گەرەنتی ئەوە دەکات دەستکەوتەکانی گەلی کورد لەبەر مەترسی ئەم داوا سیاسیە گشتگیرانەی ئەواندا نین.

ئەگەر بەم رۆحیەت و دیدەی ئەم نوخبە دینی و ئەکادیمییەوە بڕوانینە دۆخی عێراق گۆڕانکاری حەتمیە، بەڵام وائاسان و بەردەستیش نییە... قسە لەسەر هۆکارەکانی ناسەقامگیری عێراق زۆرن، بەڵام هەموو لایەک چاویان خستبووە سەر ئەنجامەکان و هۆکارەکانیان فەرامۆش کردبوو. دواجار ماوە بڵێم دیدارێکی بەسوودبوو بۆ تێگەیشتن لەو وێنەیەی ئێستای وەڕسبوون لە حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکان.